**توێژینەوەیەك دەربارەی کاریگەریی سۆشیال میدیا و ترسی کۆرۆنا لە کوردستان لە بەرزترین گۆڤاری ئیمپاکت فاکتەر بڵاودەکرێتەوە**

پ. ی. د. هێرش رەسوڵ، مامۆستا لە بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بازاڕگەریی کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و، د. ئاراز رەمەزان، بەڕێوەبەری راگەیاندن و مامۆستا لە زانکۆی راپەڕین، توێژینەوەیەکی هاوبەشی زانستییان دەربارەی (کاریگەریی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەو دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، لە هەرێمی کوردستاندا)، لە یەکێك لە گۆڤارە ئیمپاکت فاکتەرە هەرە بەرزەکان بڵاوکردەوە.

توێژینەوەکە لە گۆڤاری (Journal of Medical Internet Research) بڵاوکراوەتەوە، کە بەپێی دواین ریزبەندیی فاکتەری کاریگەریی کلاریفەیت، خاوەنی ئیمپاکت فاکتەری (4.945)ە.

ئەم ئیمپاکت فاکتەرە تائێستا بەرزترین ئیمپاکت فاکتەرە لەناو توێژینەوەی پسپۆڕییەکانی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان کە تائێستا بڵاوکرابێتەوە.

گۆڤاری (Journal of Medical Internet Research) لە ریزبەندیی گۆڤارەکانی دیجیتاڵ تەندروستیی و ئینفۆرماتیکسی تەندروستیی بە ئاست بەرزترین گۆڤار دادەنرێت و لەناو باشترین (26) گۆڤاری بوارەکە بە یەکەمین گۆڤار دانراوەو لە چارەکی یەکەمدایەو لەسەر ئاستی جیهانیش چوارەمین ئاست بەرزترین گۆڤاری زانستییە و لە چەندین دامەزراوەی زانستیی ئیندێکس کراوە، لەوانە: سکۆپەس و کلاریفەیت.

لەم توێژینەوەیەدا چەند تەوەرێکی زۆر گرنگ و پەیوەست بە ئێستای میدیای نوێ و سۆشیال میدیا لە جیهاندا تیشکی خراوەتە سەر، بە تایبەتیش لە دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە زۆرینەی حکومەت و دامەزراوە میدیاییەکانیشی لەدنیادا توشی کێشە کردووە، زانیاریی نادروست (Misinformation)و هەواڵی ساختە (Fake News) و زانیاریی زۆر لەپێویست.(infodemic)

هەروەکچۆن توێژینەوەکە بە چەندین دەرەنجامی زانستی گەیشتوە، سەبارەت بە کاریگەریی سۆشیال میدیا لە دروستکردنی ترس و تۆقاندن لەناو جەماوەر و بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیادا، لەوانە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری بەهێزی دروستبوونی ترس و تۆقاندنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون لە هەرێمی کوردستاندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین زانیاریی ناڕاست و ساختە هەواڵی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

توێژینەوەکە بەو دەرەنجامەش گەیشتووە، کە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەرێمی کوردستان فەیسبووك زۆرترین کاریگەریی لەسەر دروستکردنی ترس و تۆقاندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو بەکارهێنەرانیدا بینیوە. هەروەها زۆرترین لەبەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەماوەی سێ مانگی سەرەتای 2020دا بەرێژەی یەکەم هەواڵ و زانیاریی تەندروستی و پەیوەست بە کۆرۆنایان خوێندۆتەوەو، ئەوەش کاریگەری لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی و شێوازو رەفتاریان لە ژیانی رۆژانەیان و ژیانی کۆمەڵایەتیاندا گۆڕیوە.

توێژینەوەکە بەچەندین دەرەنجامی زانستی دیکە گەیشتوەو لەرێگەی مۆدێلێکی ئامارییەوە گەیشتووە بەو دەرەنجامەی لە کاتی بڵاوبونەوەی پەتا جیهانییەکاندا، تا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو زیادبوون بڕوات، ئەوا کێرڤی دروستبوون و بڵابونەوەی ترس و تۆقاندنیش زیاد دەکات و دواجار کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دەبێت و گۆڕانکاری لەرەفتارو سلوکیاندا روودەدات، ئەو گۆڕانکارییەش بەپێی گروپی تەمەن و رەگەزو ماوەی بەکارهێنان دەگۆڕێت.

بۆ خوێندنەوەی توێژینەوەکە، کرتە لەم رایەڵە بکە:

https://www.jmir.org/2020/5/e19556/